# کڵاوی کوردی بۆ خانمان

**بەهاوکاری کوردش فاشیۆن**

بەرەو وەرزی بەهار دەچین، لەو وەرزە جوانەدا، گشت کەرەستە و جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان، زیاتر جوانتر دەبن،، کە جێگەی بایەخی مۆدە و بواری جوانکاری دەبێت. یەکێك لەو ئێکسسوارە سەرەکییانەی کە لەو وەرزەدا دەپۆشرێت، کڵاوی سەرە، زیاتر کڵاو لەگەڵ کراسی کوردی مۆدەیەکی جوان نیشان دەدات، کڵاوی کوردی هەرچەندە مۆدەیەکی کۆنە، بەڵام شایستەی ئەوەیە لەو سەردەمەدا بپۆشرێت، جگە لە بواری جوانی، هەروەها سەری خانمان لە تیشکی خۆر و هەوای سارد و گەرمی ئەو وەرزە دەپارێزێت، زیاتر هەوڵدەدرێ کە ڕەنگ و ستایلی کڵاو، لەگەڵ ڕەنگی جل ڕێکبخرێت و ئەمەش بەمەبەستی زیاتر بۆ گونجانی نێوان کڵاو و کراسەکەیە، کڵاوی کوردی زیاتر لە مۆدی و یان لیرە دەڕازێنرێتەوە، هەروەها ئێکسسواری دیکەشی لەگەڵدا بەکاردەهێنن وەك زیوو پوولەکە و کەرەستەی دیکە، کڵاویش جوانی خۆی هەیە، چونکە مۆدەیەکی ڕازاوەیە.







# جوانی رەهای ئەن

خانمان پێویستیان بە چەندین کەرەستەی گەورە دەبێ بۆ لایەنی جوانکاری، بۆیە دەتوانن سوود لە ئێکسسوارەکان ببینن، ئەگەر چی هەندێك ئێکسسوار هەن، شێوەیەکی بچووك و ناسکیان هەیە، بەڵام جوانییەکی گەورە دەبەخشن، هەر ئێکسسوارێك بەهایەکی خۆی هەیە و لە نزیك و لە دوورەوە شێوەی بەرچاو و دیار دەبێت، زیاتریش مەبەستمان ئەنگوستیلە و ئەڵقەی پەنجەی دەستە، کە ئێکسسوارێکی بچووکە، بەڵام جوانییەکی گەورەی هەیە. هەندێك لە شێوەی ئێکسسوارەکان، دیمەنێکی خنجیلانە و ناسکی هەیە، بە تایبەت ئەوانەی بە شێوەی نەخشی بازنەیی یان بە لوولە

# تابلۆ بە دەست

کاری دەستی یەکێك لە بەرهەمە جوان و دەست ڕەنگینەکانی خانمانە، کە ئەوەی لەو بوارە بەهرەیەکی هەبێت، پێویستە بەهرەکەی نەشارێتەوە و کاری لەسەر بکات، چەندین خانم هەن، کە حەز بەو جۆرە کارە دەکەن، کەچی هەوڵنادەن و ئەمەش دەبێتە پەکخستنی بەهرەکانیان، یەکێك لە بەرهەکانی خانمان کەرەستە و کەلوپەلی ماڵە، کە دەتوانن لە چەند بیرۆکەیەکی سادە شێوەی جوان دروست بکەن، ئەوەش لە ڕەنگدانەوەی ئەو کارەیە کە ئەنجامی دەدەن، بە تایبەت ئەوانەی لە کەرەستەیەکی سادە، دەگەنە








## گوستیلەی دەست

ئامادەکراوە، شێوەی ئەو دیمەنانەش جوانترین مۆدە دروست دەکەن و تەنانەت لەو شێوە بچووکانە، هێمایەکی ناسك دەبەخشن، زیاتر ئەو شێوە باوە کە ئەڵقە و ئەنگوستیلەی بازنەییە بەڵام تەواو نەکراوە، بەشێکی دیکەیان هەیە کە لە کۆتایی بازنەکە یان نەخشەکە، شێوەیەکی بچووك هەیە و دانراوە، ئینجا هەیە لە شێوەی گوڵە یان لە شێوەی دڵە، کە ئەوانەش هەر یەکە بەهایەکی جوانی خۆیان هەیە و بە ناسکترین شێوەش لەسەر پەنجە و دەستدا دەردەکەون، بەمەش ئەو ئێکسسوارە بچووکانە بە جوانییەکی گەورە دەستەکانتان رازاوەتر دەکەن.

## ڕەنگینی خانمان

شتێکی جوان و ناسك، یەکێك لەو کەرەستە جوانانەی کە گشت خانمێك دەکاتە وێنەکێش و تابلۆ، ئەویش دروست کردن و نەخشی تابلۆیە لە چەند کەرەستەیەکی سادە و بچووك، دروست کردنی تابلۆیەکی جوان و ناسك لە کەرەستەیەك، بەرهەمێکی جوانە، و ئەمەش بە تایبەت کاتێك پارچە کارتۆنێکی گەورە بهێنین و بە چەندین گوڵی دەستکرد و جوان و پارچە قوماشی بچووك، دەبێتە تابلۆیەکی جوان و ناسك، هەروەها دەتوانن ئەو کەرەستانەی بەدڵتانە بەکاری بهێنن وەك : گوڵ و پارچەی جوان و هێمای دڵ و یان هەر کەرەستەیەك کە ئەو خانمە پێی جوان بێت تا لە تابلۆکەی رەنگ بداتەوە.



# کراسی کورت
# مۆدەی وەرزی نوێ


لەگەڵ سەرەتای وەرزی بەهار، بەرهەم و ستایلی کراس و جلوبەرگ گۆڕانکاری بەسەردا دێ و بەرەو مۆدەیەکی دیکەدا رێگە دەکرێ، ئەمەش وا لە خانمان دەکات کە بەرەو کەرەستەی ناسك و رەنگاوڕەنگ هەڵبژێرن، هەروەها ئەو جۆرە جلانە ببێتە هۆکارێك بۆ گونجاندنی جەستە لەگەڵ کەش و هەوای ئەو وەرزە، ئەمەش وادەکات کە مۆدەیەکی رازاوە و ناسك نیشان بدات، کراس بۆ خانمان لە دوو شێوەی سەرەکی پێکدێ، یەکێکیان کراسی درێژە کە بۆ ئاهەنگ و بۆنە و شوێنە تایبەتەکان دەپۆشرێن، جۆری دووەمیشیان کورتە و جوان و ناسکە، بۆ دەرەوە و شوێنی کار و یان کاتی دەوام دەپۆشرێت. کراسی کورت و شێوەی جیاواز، مۆدەیەکی نوێ دەبێ بۆ ساڵی تازە، تەنانەت شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و جوانی هەیە، دەکرێ لەگەڵ چەندین جلی دیکە بپۆشرێ، لەوانە : لەگەڵ بۆدی و ستریچ و یان بە شێوەیەکی سادەش دەبێ، کاتێك بۆ بۆنەیەکی تایبەت وەك : نیشان و مارەبڕین و ئاهەنگی خێزانی، بۆ رەنگی ئەو کراسانەش، زیاتر لە وەرزی بەهاردا، رەنگی کراوە بەکاردەهێنرێ، لەوانە : رەنگی شین و سپی و ئاسمانی و پەمەیی و رەش و سوور، هەر یەکە لەو رەنگانەش دەبێ لەگەڵ ئێکسسوارێکی دیکە گونجاو بکرێت.






## دیسانەوە بووک و زاوا لەناو دەمە شۆفەڵ

ماوەیـــەك بەر لە ئێســـتا، هەواڵی ئەو بـــووك و زاوایەمان بڵاوكردوە كە لـــە عێراقدا، لەناو دەمی شـــۆفەڵ ڕێورەســـمی ئاهەنگی هاوسەرێتیان بـــەڕێ كـــرد و كـــە شـــۆفێرێكی شـــۆفەڵ ئەو بیرۆكەیـــەی دانابوو تاوەكـــو بووك و زاوا لـــە ناو دەمی شـــۆفەڵەكەی ئاهەنـــگ بگێـــڕن. وادیارە تایلەندیەكانیش لاسایی عێراق دەكەنەوە لەو كارە سەیرانە، ئەویش كە كوڕێكی ئەو وڵاتە بە ناوی (یۆهان) لـــە ڕۆژی هاوســـەرگیری خۆیدا، گشت هاوڕێ شۆفێرەكانی شۆفەڵی داوەت كرد و تەنانەت نزیكەی (١٠) شـــۆفەڵ لەدوای یەكتر بـــوون، بۆ ڕێورەســـمی ڕۆژی هاوسەرگیریان، وەكـــو لـــە وێنەكـــەدا دەبینن چۆن زاوا و بـــووك بە پێوە وەســـتاون لەناو دەمی شـــۆفەڵ و دواوەش بە گوڵ و دەبدەبە و ئێكســـســـواری جوانكاری ڕازێندراوەتەوە.






چەندین گەمـــە و یاریی كۆن لە كوردەواری هەن، جاران هەر یارییەك جۆش و خرۆشێكی جوانی هەبوو، تەنانەت تاوەكو ئێستاش ئەو یاریانە بەردەوامن، زیاتریش لە گوند و شوێنە نەتەوەییەكان، یەكێك لەو یارییە خۆشـــانەی كە بێگومان كەسانێكی زۆر ئەو یاریەیـــان كردووە، بە تایبەت ڕەگـــەزی كوڕ، ئەویش (هەلیك و پەلیكانێ)یە. شێوەی یارییەكە خۆشە و تەنانەت یاریی ئێستای جیهانی (بەیـــس بۆڵ)، لەم یارە كوردییـــەی خۆمان دەچێت، شێوازی یاریەكە و جۆری دار و پەلیكەكە بەم شێوەیەیە :

لـــە دوو بەش پێكدێت كـــە دار و پارچـــە دارێكی بچووكە،

## خواردنی كفتەی دۆغەوا


ڕەوەند بەختیار

خواردنێكـــی كۆنی كوردەوارییە لە ماســـتی مەڕ و بڕوێش و تەڕە پیاز و هێلكە و گۆشـــتی مەڕوبزن دروســـت دەكرێت. ئەم خواردنەش بەتایبەتی لە وەرزی بەهاراندا دروست دەكرێت چونكە لەو وەرزەدا ماست زۆرە.

بۆ دروستكردنی دۆغەوا پێویستە ماست و ئاوەكە بكوڵێنیت و بە بەردەوامـــی تێكبدرێت ئەگەر بۆ ماوەیەكی كەم ئاگات لێینەمێنێت ئەوە تێك دەچێت و هەڵدەپڕووكێت.

ســـەبارەت بە دروســـت كردنی كفتەكەش هەر وەك كفتەی ئاســـاییە بەڵام لە جیاتی گۆشـــت و قیمە ئەوە قیمەی پیازو هێلكەی تێدەكرێت ئێســـتا باوی و كشمیشـــیش بەكاردێت و تێیدەكرێت بە پێی ئارەزووی ئەو كەســـەی دروســـتی دەكات، ئێســـتا ئەوانەی كە لەوەرزەكانی دیكە جگە لە بەهار حەز بە دۆغەوا دەكەن ماســـت لەناو یەخچـــاڵ و مجەمیدە هەڵدەگرن بۆئەوەی هەركاتێك ئارەزووی دۆغەوایان كرد ئامادەی بكەن.







## دروست كردنی جانتای دەستی كچان لە پێستی مار

زۆربەی خانمان ئەوە دەزانن كە كەرەستە و جلوبەرگ تەنانەت هەندێك لە ئێكسســـوارەكانیان لە پێســـتی گیانداران دروست دەكرێن، هەندێكیان لە پێســـتی مار و تیمســـاح و مامز و یان چەند گیاندارێكی دیكە، ئـــەوەی بەناوبانگە و باوە، جانتای دەســـتە كە لە پێستی مار یان تیمساح دروست دەكرێ، كەچی زیاتر جانتای دەســـت لە پێستی مار دروست دەكرێ، دواتریش لـــە بازاڕەكانی جیهان دەفرۆشـــرێت، وەك ئەوەی ماركەیەكی ئۆرجینال و دروســـت بێ، لە وڵاتی ئەندەنووســـیا مار دەكرێت بە جانتای دەستی خانمان، شێوەی دروست كردنی بەم شێوەیە، ئەویـــش لە هەر جانتایەكدا نزیكەی (١٥) ماری یەك مەتری پێویســـتە، دوای ئەوەی مار دەهێنرێ و دەیكوژن، دواتر لەسەر ئاگرێكـــی نەرم دادەنرێ و لوول دەدرێ، پاشـــان بە دەرمانێك پێســـتەكەی لەگەڵ جەســـتەدا جیا دەكەنەوە، گۆشـــتەكەی لادەبرێت و پێستەكەشی كۆ دەكرێتەوە و لەسەر یەكتر دادەنرێ، پاشان ئەو پێســـتە بە گەرم كردن دەخرێتە سەر یەكتر و تاوەكو ببێتە پێستێكی ئەســـتوور و باش، دواتر بە هۆی كەپس كردن ئەو كۆمەڵە پێستە دەبێتە یەك پێستی توند و چیڕ، دواتریش بە دوورمان جانتایەكی جوانی لێ ئامادە دەكرێت.

دارەکــە پێیدەگوترێ (هەلیــك) و پارچــە دارە بچووکەکەش پێیدەگوتــرێ (پەلیك)، دارە بچووکەکە واتە پەلیکەکە لەســەر دوو بــەرد دادەنرێت و بــە دارەکە واتە بــە هەلیکەکە لە بنی هەڵدەدرێــت و دەهاوێژرێت، لێرەدا گرنگە ئەوە بزانین، لەو یاریە دوو گرووپ هەن، یەکێکیان پەلیك دەهاوێژێت و گرووپی دووەم دەبێ بیگرنەوە، ئەگەر گرتیانەوە ئەوا دەبێ پەلیکەکە بۆ شوێنی دار هاوێشتنەکە بهاوێژن وئەگەر بە دارەکە کەوت، ئەوە گرووپی وەرگــر یارییەکە دەباتەوە، ئەگەریش بــە دارەکە نەکەوێت، ئەوە گرووپی هاوێژەر دەتوانێت جارێکی دیکە پەلیکەکە بهاوێژێتەوە، ئەویش بە بڵند کردنەوەی پەلیکەکە لەســەر زەوی، کە هەردوو سەری تیژ کراوە و بە دارەکە لەسەری پەلیکەکە دەدرێ و دواتر بە دارەکەش لێدەدرێتەوە، کە گرووپی یەکەم پەلیك دەهاوێژێتەوە و چەند پەلیکەکە بڕوات،ماوەی نێــوان کەوتنی پەلیکەکە و شــوێنی هاوێشتنی دەپێودرێت و ئەوەندە خاڵە هەژمار دەکرێت بــۆ گرووپی یەکەم. لە کاتی هاویشــتنی دووەمی پەلیك کە لەســەر زەوی بەرز دەکرێتەوە، ئەگەر دار بە پەلیك نەکەوێت، واتە ئــەو گرووپە ئەوەندە دارەی هەیــە پێدەڵێن (چەق) واتە چەقی کرد و بەم شێوەیە گەمەکە دەباتەوە.





## ئوتۆمبێلی شــــێوە مــــۆز !


لە ساڵی (٢٠٠٨) بیرۆکەی (بریسۆس) ئەوە بوو کە ئوتۆمبێلێك دروست بکات لەشێوەی مۆز بێت، بەهۆی ئــەوەی خۆی زۆری حەز لە مــۆزە و تەنانەت توانی کارەکەی بــە ئەنجام بگەیەنێت دوای (٥) ســاڵ لە کارکردنی بەردەوام، ئەو پیاوە لە وڵاتی ئەمەریکا دەژی و تەمەنی (٥٢) ســاڵە، لە سەرەتادا تەنیا بیرۆکەیەك بووە و ویستویەتی بۆ خۆشی ئەنجامی بدات، کەچی ئێســتا کارەکەی بە جێگەیاندووە، تەنانەت وابڕیارە کە بەم ئوتۆمبێلە مۆزە سەرتاپای جیهانی پێبکات و ببێتە ئوتۆمبێلێکی نێو دەوڵەتی، لەلاتان سەیر نەبێت ئەگەر ڕۆژێك ئەو ئوتۆمبێلەتان لە کوردستان بینی، چونکە بە نیازیشە سەردانی عێراق بکات. لە ڕێگەی فرۆشتنی ئینتەرنێتەوە نزیکەی (٢) ملیۆن دۆلار بەم ئوتۆمبێلە دراوە، نزیکەی (٦) مەتر درێژە و لەســەر شێوەی مۆز دروست کراوە و شوێنی (٤) کەس دەبێتەوە و دیمەنێکی جوانیشی هەیە.

## جەستەی لاستیک و کۆنفۆ!

لە چین هەر لە منداڵییەوە، فێری یاریی کاراتێ و کۆنگ فوو و جووڵەی سەیریان دەکەن، تەنانەت منداڵی چینی لە تەمەنی (١٠ یان١١) ساڵەیان، گشت هونەرەکانی تایکواندۆ و کۆنگ فوو و کاراتێ دەزانن، ئەو هونەرەی کە ساڵانێکە بۆتە کلتوورێکی کۆن لەلای چینییەکان، ئەویش هونەری کۆنگ فووی شــاولینە، کە بە ناوبانگترین هونەری شەڕ کردنە، تەنانەت ئەوەی کۆنگ فووی شــاولین نەزانێت، بە نەخوێنەوار دادەنرێ لەو وڵاتە. ئەوەی ســەیرە لەو یارەییە جەستەی مرۆڤ وەك لاستیکی لێدێ و چەندین جووڵە و کاری وا دەکەن، کە جێگەی سەمەرەی گشت خەڵکێکە، لە چەند وێنەیەکی کاتی ڕاهێنان لەو یارییەدا، چەند منداڵێك وێنەیان گیراوە، بە ســەیرترین جووڵەی جەستە لاستیکی مرۆڤ دادەنرێت.








# تابلۆی ئەفسووناوی !

ئەوانەی کاری جوان دەکەن و بیرۆکەی وایان هەیە، کە دەبێتە بەرهەمی کارێکی جوان و سەیر، لە یەکێك لە نمایشەکانی دروستکردنی تابلۆی ئەفسووناوی و سەیر، چەندین وێنە دروستکراون، کە هەر وێنەیەك دیمەنێکی سەیرە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ کەسی راستەقینە و کەسایەتییەکانی ناو وێنەکە بەیەکتر بگەن و لەگەڵ یەکتر مامەڵە بکەن، ئەمەش ئەوپەڕی بەهرەیە لە بواری وێنە کێشان و تابلۆ ئەفسووناویەکان.







## یاری پیت ریزکردن


هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی دەرهێنەرێکی کوردت بۆ دەربچێ.

ڕ ا ن س ە ە ن س ح

وەڵامی ژمارەی پێشوو : ئەحمەداوە

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سەپان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کانزایەکی بە نرخە بۆ هاوسەرگیری بەکاردێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی جەستەیە و درێژترین ئێسکی تێدایە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی داروباری لێدەچینرێت)
- پیتی خانەکانی (٧+٦+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناو بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو)



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ماوەیەکە زیاتر بایەخ بەمەسەلە مادییەکان دەدەیت و دەشێت بڕێك پارە بێتە دەستت، هەروەها بە تەمایت بڕیار لەسەر مەسەلەیەکی عاتفی بدەیت و چاوەڕوانی خۆشەویستیەکی گەورە دەکەیت، بەڵام لەوانەیە ماوەیەکی زۆری بوێت.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەم ماوەیە لەزۆربەی بوارەکان سەرکەتوو دەبیت هەر چەندە کەسانێك هەن بەردەوام پیلانت بۆ دادەڕێژن ماوەیەکە بەهۆی دوورکەوتنەوەت لە کەسێکی خۆشەویستت تووشی بێ ئومێدی بوویت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەیت چ لەرووی جەستەیی و چ لەرووی دەروونیشەوە، باشتر وایە لەو شتانە دووربکەویتەوە کە مەجازت دەشێوێنێت و دەبنە مۆتەکەیەك بەسەرتەوەو ڕەنگە ترسیشت بۆ دروست بکەن.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەگەر ڕێگە چارەیەك بۆ کێشەکانت نەدۆزیتەوە ئەوا زیاتر هەست بە ماندووبوون دەکەیت، لەبواری خۆشەویستیدا پێویستیت بەلێبوردن هەیە تا پەیوەندیەکەت بگەڕێتەوە دۆخی جاران.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

زۆر جار بەناچاری پەنا دەبەیتە بەر خەیاڵ و خەونەکانت و لەواقع دووردەکەویتەوە، هەوڵبدە بوێرانە رووبەرووی کێشەکانت ببیتەوەو خۆت لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگە رابهێنی، هەروەها لەکەسانی هەڵپەرست دوورکەرەوە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەمڕۆ لەبواری کاردا کەمێك سەرقاڵ دەبیت، بەڵام ئەگەر هەوڵبدەیت دەتوانی بەسەر گرفتەکان زاڵ دەبیت، هەوڵبدە ئەو پاڵەپەستۆیەی کەلەسەرتە کارنەکاتە سەر خۆشەویستەکەت.

# وانەی خەوتن !

لە یەکێك لە وانەکانی پرۆگرامی خوێندن لە وڵاتی چین، خەوتنە بۆ ماوەی (٣٠) خولەك، کە ئەمەش بە مەبەستی ریستارت کردنەوەی مێشك و پێدانی پشوویەك بە مێشك، بیرۆکەی ئەو وێنەیە لەوە هات کاتێك لە هەر قوتابخانەیەکی منداڵان ژمارەیەکی زۆر هەن و ئەگەر دەنگیان بێت، شوێنەکە نا ئارام دەکەن، بۆیە لە جیاتی ئەوەی منداڵەکان دەنگە دەنگ بکەن، وانەی خەوتنیان داناوە و بۆیە لە دوای وانە خوێندن، وانەی خەوتنیش دێت.



## وێنە و بیر کردنەوە

- لەم وێنەیەدان (٣) کچ گۆرانی دەڵێن، یەکێك لە کچەکان کارێکی سەیری ئەنجام داوە، هەوڵبدە بزانە چی کردووە !



## دیوانە شیعر

گۆرانی شاعیر بۆ جوانی ئافرەت دەڵێ :
به ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە
شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە
لەزەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە
پەلکەزێڕینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر
هەتاوی نەورۆز مانگی جۆدرەو
زۆر هاتوون و چوون بەڕۆژ و بە شەو
خوڕەی قەڵبەزەی کەف زیوینی چەم
لە هەزار چەشنە پڕشنگی ناو تەم
میوەی گەیشتووی زەرد و سوری باخ
جریوە و جوکەی دارستانی شاخ
لەگەرووی شمشاڵ لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوە ئاوازی جوان جوان
ئەمانە هەموو جوانن شیرینن
ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن

## پەندی ناوداران



- چارلز بۆکۆوسکی بۆ مردن و ژیان دەڵێت :
پێویستە چەندین جار بمریت، پێش ئەوەی بەڕاستی بژیت.

## نوکتە



- پیاو و ژنێك بەیەکەوە دادەنیشن و جەوێکی خۆشیان هەیە، ژنەکە بە پیاوەکە دەڵێ : گیانەکەم بیر لە چی دەکەیەوە!!
پیاوەکەش دەڵێ : بیر لەو شتە دەکەمەوە، کە تۆ بیری لێ دەکەیەوە !!
ژنەکەش دەڵێ : دەتەوی ژنم بەسەر بهێنی !




### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەم ڕۆژانە زیاتر هەست بە بەپرسیارییەتی دەکەیت لەبواری ئیش و کارەکاندا بۆیە بەورەیەکی بەرزەوە ڕووبەڕووی کێشەکان دەبیتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانی کە بڕیاردان لە کاتی تووڕەییدا تووشی هەڵەی گەورەت دەکات.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەبواری ئیشدا چەند هەوڵبدەیت لەسەرکەوتن زیاتر نزیك دەبیتەوە، ئەم ماوەیە هەست دەکەیت چالاکییە کۆمەڵ یەاتییەکانت ڕوو لەزیادبوونن، یارمەتی هاوڕێیەکت ئەرکی سەرشانتە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کاتی ئەوە هاتووە کە سەرجەم کاتەکانی خۆت کۆبکەیتەوەو بەبێ دڵەڕاوکێ ڕووەو پڕۆژەکەی خۆت هەنگاو بنێیت، دڵنیاشبە سەرکەوتنت مسۆگەرە چونکە بەخت لەگەڵتایە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێویستە بەشێوەیەکی کاتی لەئەرکی ڕۆژانەت دوور بکەویتەوە، کەبەردەوام دووبارە دەبێتەوە، بەردەوامبەو لەسەر کارێك کە سوود بەئێستا و دوارۆژت دەگەیەنێ، هەوڵبدە پشوویێك بەخۆت ببەخشیت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بۆ زاڵبوون بەسەر چەند کێشەیەك هەوڵبدە یارمەتی ئەندامانی خێزانەکەت بدە، چەند گۆڕانکارییەك لەبواری ئیش و کاردا دێتە پێش ئەم هەفتەیە تاسەر لەبارە بۆ گرنگیدان بە کێشەکانت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەبواری خێزانیدا بەرەو باشتر هەنگاو دەنێیت، زۆربەی کێشەکانت بەرەو چارەسەر کردن دەڕۆن، بۆیە ئەمەش وات لێدەکات کەباری دەروونیت ئارام بێتەوەو خۆشی ژیانت داگیر بکات.